## پارانەوەی وەهابییەكان. نەجوا هەولێری

من سوپاسی هەموو ئەو براو خوشكانەم دەكەم كە بەیەك دەنگ و یەك هەڵوێست و بەقەڵەمە رێزلێگیراوەكانیان پشتگیریان كردم و رووبەرووی قەڵەمە شكاوەكانی یەكگرتوو بوونەوە، بەراستی ئەو پشتگیریە بووە هاندەر و بەهێزبوونم، تا لەمەودوا بەشێوازێكی روونتر و زانستی تر، پەیڤەكانم هەڵبژێرم و دڵنیای هەموو خوێنەرانیش دەكەم كە خۆم ناخەمە ریزی جنێوفرۆشان و شوێن مێگەلەكەی یەكگرتوو ناكەوم. چونكە ئێوەی بەرێز بەجۆرێك پشت و پەنام بوون، كە رێز و تەعبیرەكانتان شتێكی بۆ جاشقەڵەمەكانی یەكگرتوو نەهێشتەوە كە جاریكی دیكە روویان بێت، جنێو بەخەڵكی بدەن، بە كۆلكە نووسەرەكانی یەكگرتوش دەڵێم، هەرگیز وێنە و ناو و ناوناتۆرە و ناوی موستەعار فریاتان ناكەوێت و دەبی دەرسێكتان لە ئەنجامی جنێو و تۆمەت و گومانەكانتان وەرگرتبێت، من وەك هەر ئافرەتێكی ئەم كوردستانە مافی خۆمە بە مێشكی خۆم بیر بكەمەوە و بەدەستی خۆم بنووسم، گرنگیش نیە لەلام ئێوە ئافرەتایەتی من قبووڵ ناكەن، چونكە من بەیەكجاری ئەو حیجابە ئیستیرادكراوەی ئێوەم فرێداوە و ئەگەر سەرپۆشم بەسەردادا، ئەوا سەرپۆشی كوردەواری دەپۆشم، پەشیمانیشم لەو هەمووە حیجابەی كە لەقەتەر و سعودیەوە هێناتان و من لەهەولێردا بەسەر دەیان ئافرەت و كچی شارەكەمدا ساغم كردەوە و زۆر داوای لێبووردن لە (خەدیجە و نورە و سومەییە و نەسرین و دایكی تارا و یبیحە و شەهلا و هەنار و حەمدیە و تاڤگە) و ئەوانی دیكەش دەكەم كە ناوەكانیانم لەبیر كردیە، .
جارێكی دیكەش سوپاس و رێزم بۆ هەموو ئەو نووسەرە بەویژدانانەی كە لەسەرم بەجواب هاتن و داوایان لێدەكەم چیتر وەڵامی قسە و تۆمەت و گومانەكانی تاقمی یەكگرتوو نەدەنەوە و هەرچی دەڵێن حەواڵەی ئەو خودایە گەورەیان بكەن، كەیەكگرتوەكان بەسەر قورئانە پیرۆزەكەیەوە موزایەدە و تیجارەت دەكەن و دەیانەوێت، فێری وەهابیەتی سعودیە و سەلەفیەتی قەتەر و تەكفیری ئیخوانەكانی میسرمان بكەن، بەڵام شوكور بۆ خوای پەروەردگار كە خەڵكی كوردستان نمونەی (كاكە هێمن و دادە سەوسەن. . . ) و زۆری دیكە هەموو نیازەكان و پیلانەكانی (خواگرتوەكان) ی ناو كوردستانیان راماڵی و دەبی لەمەودواش هەر لەورگی خۆیان بدەن، دوای ئەوەی كە زانیم ئەو هەموو پشت و پەنایەم هەیە و كاكە عومەر فارسی (كوردستان نێت) ی خۆشەویست، ناكەوێتە ژێر كاریگەریی و هەرەشەی یەكگرتووەكانی بەناو ئیسلامی و هەمیشە وەك پێشەنگی سایتەكانی كوردستان ئەمانەتی رۆژنامەگەری دەپارێزێت، ئەوا بریارمدا وێنەیەكی شەخسی خۆم لەگەڵ ئەم بابەتەدا رەوانە بكەم، بەو هیوایەی لەمەودوا كلكگرتوەكان دڵیان بتەقێت و گومانەكانیان برەوێتەوە. .

تێبینی كوردستان نێت:
بەهۆی دڵنیانەبوونمان، لە وێنەی نەجوا هەولێری، وێنەكەمان لابرد.
بەرێگەی خۆمان هەوڵ دەدەین دوای راستی ئەو وێنەیە بكەوین، ئەگەر راست بوو داوای لێبووردن لە نەجوا دەكەین، ئەگەر راست دەرنەچوو، داوای لێبووردن لە خاوەنی ئەسلی وێنەكە دەكەین و هەتاهەتایە نووسینی نەجوا بڵاوناكەینەوە. ... ك.ن